# Analyzing Asymmetric Prosody in Salim's Poetry: A Critical Examination of Sound and Syllable Patterns

Yadgar Rasool Hamadameen[1]

[1] Soran University, Scientific Research Canter

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.17

Published: 23/12/2024

## *Abstract*

*In this research, titled "Analyzing Asymmetric Prosody in Salim's Poetry: A Critical Examination of Sound and Syllable Patterns," we conduct a comprehensive and practical analysis to identify errors and asymmetric rhythmic prosody within Salim's poetry, focusing on the edition we have diligently worked on. Our study aims to explore potential solutions in accordance with established prosody criteria. Salim's body of work encompasses several books of poetry, with our research specifically delving into the most recent edition published in 2015 in Sulaimani by Mullah Abdulkarim Mudaris, Fatih Abdulkarim, and Mohammed Mullah Karim. We selected this edition due to its freshness and its incorporation of improvements from previous editions, making it a widely embraced reference among both writers and readers of Salim's poetry.*

*Our research comprises four primary themes. Firstly, we thoroughly examine the various metrics and patterns employed by Salim in his poems, quantifying the occurrence and proportion of these metrics and patterns across different poems and stanzas. Secondly, we investigate instances of rhythmic disruptions resulting from sound substitutions. Thirdly, we explore disruptions caused by sound excesses within Salim's poetry. Lastly, we analyze disruptions stemming from sound omissions. In conclusion, our study offers valuable insights into the content of Salim's poetry by shedding light on its prosodic nuances and providing potential remedies for asymmetries.*

***Keywords:*** *weight, Prosody, Asymmetric, Sound, syllable.*

# لەنگییە عەرووزییەکانی شیعری سالم لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا


پ. د. یادگار ڕەسوول حەمەدەمین

زانکۆی سۆران

سەنتەری توێژینەوەی زانستی

Yadgar.ameen@soran.edu.iq


## پوختە


ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لەنگییە عەرووزییەکانی شیعری سالم لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا)یە، توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکاریی پراکتیکییە و تایبەتە بە دەستنیشانکردنی لەنگییەکانی شیعری سالم لەو دیوانەی کە لەبەردەستە، دواتر چارەسەرکردنی ئەو لەنگییانەیە بەپێی پێوەر و بنەماکانی زانستی عەرووز.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی ئاماری بەستراوە، سەرجەمی لەنگییەکان، کە ژمارەیان ١٣٢ حاڵەتە، لە چاپی بەردەستی دیوانی سالم، کە چاپی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم)ە، دەستنیشانکراون و بەپێی پێوەرەکانی زانستی عەرووز مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و چارەسەرکراون.

توێژینەوەکە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم تایبەتە بە هەموو ئەو کێش و قاڵبەکێشانەی سالم لە شیعرەکانی بەکاری هێناوە، لەگەڵ دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی ئەو کێش و قاڵبەکێشانە لەسەر ئاستی ژمارەی شیعرەکان و ژمارەی دێرەشیعرەکان. تەوەری دووەم تایبەتە بەو لەنگییانەی کە بە هۆی هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی ترەوە دروستبوون. تەوەری سێیەم تایبەتە بەو لەنگییانەی کە بە هۆی زیادەی دەنگێک یان زیاترەوە دروستبوون. دوا تەوەریش تایبەتە بەو لەنگییانەی بە هۆی کەمیی دەنگێکەوە دروستبوون.

لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی پەیوەست بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەرخراون.


**وشە سەرەکییەکان: کێش، عەرووز، لەنگییەکان، دەنگ، بڕگە.**

# لەنگییە عەرووزییەکانی شیعری سالم لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لەنگییە عەرووزییەکانی شیعری سالم لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا)، توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکاریی پراکتیکییە، هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لە شیعرەکانی سالم لە ڕووی کێش و ڕیتمەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو لەنگی و لادان و کەموکورتییانەیە کە لە شیعرەکان بەدی دەکرێن و چارەسەرکردنییانە لە ڕوانگەی ڕێسا و پێوەرەکانی زانستی عەرووز.

سنووری کارکردنی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دواهەمین دیوانی بەردەستی شیعرەکانی سالم کە لەلایەن هەریەک لە (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم) ساغ کراوەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٥ لە سلێمانی لە دوو بەرگی ١٤١٤ لاپەڕەییدا لە چاپدراوە، ئەم دیوانە بەو پێیەی دوا دیوانی چاپکراوە و لە هەموو چاپەکانی پێش خۆی وردترە و بە سوودوەرگرتن لە هەموو چاپ و دەستنووسەکانی پێش خۆی ئامادەکراوە و لێکدراوەتەوە، بۆیەش ئەم چاپە بۆتە بنەمای سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە و شیعرەکانی سالم لەو دیوانە وەرگیراون، بەڵام هەر کاتێک لە ڕووی عەرووزییەوە پێویستی بەوە کردبێت کە بگەڕێینەوە سەر چاپەکانی پێشووتر، ئەوە سوودمان لێیان وەرگرتووە و ئاماژەیان بۆ کراوە.

لەو دیوانەی کە لەبەردەستە، ئەگەر چی بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی پێشتردا وردتر کار لەسەر لایەنی عەرووزی و مۆسیقیی شیعرەکان کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک لەنگی و کەموکورتی لە ڕووی دەنگ و بڕگە بەدیدەکرێن و پێویستە ڕاست بکرێنەوە، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخانبکەین و لەنگییەکان بە پێوەری عەرووز ڕاستبکەینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئاماری بەکارهاتووە، سەرجەمی کێش و قاڵبەکێشەکان و دواتر لەنگییەکان دەستنیشانکراون، پاشان جۆر و ژمارە و ڕێژەی لەنگییەکان دیاریکراون و لە چوارچێوەی زانستی عەرووز لێیان کۆڵدراوەتەوە و لەنگییەکان چارەسەرکراون.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو کێش و قاڵبەکێشانەی کە شاعیر بەکاری هێناون و بە وردی ژمارە و ڕاددەی بەکارهاتنی هەریەک لەو کێش و قاڵبەکێشانە لە ئاستی ژمارەی شیعرەکان و ژمارەی دێرەشیعرەکان دەرخراون. تەوەری دووەم دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەو لەنگییانەن کە بە هۆی هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی ترەوە دروستبوون، تەوەری سێیەمیش تایبەتە بەو لەنگییانەی کە بە هۆی هەبوونی دەنگی زیادەوە دروستبوون، دوا تەوەریش کارکردنە لەسەر ئەو لەنگییانەی کە بە هۆی کەمیی دەنگێکەوە دروستبوون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێکی پەیوەست بە ناوەڕۆکی تەوەرەکان دیاریکراون، لەگەڵ ڕیزکردنی لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە.

## کورتکراوەکان

ش: شیعر

د: دێرەشیعر

ل: لەتەشیعر

لا: لاپەڕە

## دەستپێک

شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەسەر بنەمای کێشی عەرووزی شیعرەکانیان هۆنیوەتەوە. یەکێک لە گرفتەکانی دیوانی بەردەستی شاعیران ئەوەیە کە لەسەر بنەمایەکی دروستی عەرووزی ساغ نەکراونەتەوە و کەم تا زۆر لەنگییان تێکەوتووە. دەشێت هۆکاری سەرەکی ئەو لەنگییانە شاعیرەکە خۆی نەبێت، بەڵکو زۆر جار ئەو کەسانە بن کە شیعرەکانیان ساغ کردۆتەوە. ساغکردنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیک جیا لە هەبوونی شارەزایی لە زانست و چۆنیەتی ساغکردنەوەی دەق، پێویستی بە هەبوونی شارەزاییەکی تەواوە لە زانستی عەرووز، بەشێک لەو ساغکەرەوەی شیعری شاعیران، ئەگەر چی تا ڕاددەیەک شارەزاییشییان لە زانستی عەرووز هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە تەواوی نەیانتوانیووە زاڵ بن و شیعرەکان بەبێ لەنگی و کەموکورتی ساغبکەنەوە.

شیعری سالم بەر لەو چاپەی کە بنەمای توێژینەوەکەمانە، چەندین دەستنووس و چاپی تری هەیە، بەڵام هیچیان وەکو چاپی مەلا عەبدولکەریم مودەریس و کورەکانی گشتگیرتر و وردتر نییە، ئەم چاپە کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن بنکەی ژین لە سلێمانی چاپکراوە، تا ئێستا باشترین و ورترین چاپی دیوانی سالمە، ئامادەکارانی وێڕای شارەزایی وردیان لە ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران، بە هەوڵێکی ورد و پشوودرێژییەکی زۆرەوە، چوونەتە بنج و بنەوانی هەموو ئەو دەستنووس و چاپانەی شیعری سالم، کە پێشتر هەبوونە و دەستیان کەوتووە. ئەمانەیان کردۆتە بنەما بۆ ئامادەکردن و ساغکردنەوەی دیوانی سالم. ئەمە جگە لەوەی بە هۆی تا ڕاددەیەک شارەزاییان لە زانستی عەرووز، هەوڵیان داوە لەنگی و کەموکورتیی مۆسیقی و عەرووزی کەم بکەنەوە. وێڕای لێکدانەوەیان بۆ دێر بە دێری شیعرەکان لە پەراوێزی هەر لاپەڕەیەکدا، لە زۆر پەراوێزدا لێکدانەوەی لایەنی کێشیشیان بۆ کراوە و لەنگییەکانیان ڕاستکردۆتەوە. سەرباری هەموو ئەو هەوڵە زانستییەیان بۆ ساغکردنەوەی شیعری سالم، بەڵام دیوانەکە لە ڕووی کێش و مۆسیقای عەرووزییەوە بێ کەموکورتی نییە و چ لە ئاستی دەنگ و برگە، چ لە ئاستی وشە و دەستەواژە و دێرەشیعر و خاڵبەندییەوە (کە ئەمەیان بابەتی توێژینەوەیەکی ترە و کاری لەسەر دەکەین)، کۆمەڵێک لەنگی بەدیدەکرێن و بەپێی بنەماکانی زانستی عەرووز جارێکی تر ساغیان دەکەینەوە.

لە هەموو شیعرەکانی سالمدا کێشی عەرووزی بەکارهاتووە، کۆی هەردوو بەرگی دیوانەکە لە (٣٧٦) شیعر پێکهاتووە، لە ڕووی ژمارەی دێرەکانیشەوە ٣٢٨٧،٥ دێرەشیعرە.

### ١. کێشی شیعری سالم:

لە کۆی شیعرەکانی سالمدا ٦ کێش بەکارهاتوون کە بریتین لە (هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، خەفیف، ڕەجەز، بەسیت)، هەروەها ٣٠ قاڵبی جۆراوجۆری سەر بەم کێشانە بەکارهاتوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### ١. ١. کێشی هەزەج: ٨ قاڵب، ١٧٩ شیعر- ٤٧،٦١٪ ، ١٤٣٦ دێرەشیعر-٤٣،٦٨٪ :

- هەزەجی هەشتی تەواو (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن*٢)، ٨٩ شیعر، ٧٢٩ دێرەشیعر.
- هەزەجی هەشتی موسەببەغ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان*٢)، ٥ شیعر، ٢٦ دێرەشیعر.
- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن*٢)، ١٤ شیعر، ٩٤ دێرەشیعر.
- هەزەجی هەشتی ئەخرەب (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن*٢)، ٧ شیعر، ٥٢ دێرەشیعر.
- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور (مفعول مفاعیل مفاعیل مفاعیل *٢)، ١ شیعر، ٥ دێرەشیعر.
- هەزەجی شەشی مەحزووف (مفاعیلن مفاعیلن فعولن*٢)، ٤١ شیعر، ٣٤٢ دێرەشیعر.
- هەزەجی شەشی مەقسوور (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل*٢)، ٢١ شیعر، ١٧٩ دێرەشیعر.
- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور (مفعول مفاعلن مفاعیل*٢)، ١ شیعر، ٩ دێرەشیعر.

#### ١. ٢. کێشی ڕەمەل: ١٢ قاڵب، ١٦٣ شیعر-٤٣،٣٥٪ ، ١٤٨٠،٥ دێرەشیعر-٤٥،٠٣٪ :

- ڕەمەلی هەشتی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن*٢)، ٦٥ شیعر، ٥٨٢ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی مەقسوور (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلات*٢)، ١٥ شیعر، ٢٥٧ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلاتن فعلن*٢)، ٣١ شیعر، ٢٢٣ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلاتن فعلات*٢)، ١٨ شیعر، ١٢٥ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسڵەم (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلاتن فعلن*٢)، ٤ شیعر، ٢٢،٥ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی ئەسڵەم (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فع لن*٢)، ١ شیعر، ٦ دێرەشیعر.

- ڕەمەلی شەشی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن*٢)، ٧ شیعر، ٦٠ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی هەشتی مەقسوور (فاعلاتن فاعلاتن فاعلات*٢)، ٩ شیعر، ٧٨ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلن*٢)، ٩ شیعر، ٩٦ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەقسوور (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلات*٢)، ٢ شیعر، ١٥ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی شەشی مەخبوون (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلاتن*٢)، ١ شیعر، ٩ دێرەشیعر.
- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم (فاعلاتن{فعلاتن} فعلاتن فعلن*٢)، ١ شیعر، ٧ دێرەشیعر.

### ١. ٣. کێشی موزاریع: ٤ قاڵب، ١٩ شیعر–٥،٠٥٪ ، ١٩٣ دێرەشیعر–٥،٨٧٪ :

- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن*٢)، ٨ شیعر، ٩٠ دێرەشیعر.
- موزاریعی هەشتی ئەخرەب (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن*٢)، ٥ شیعر، ٥٧ دێرەشیعر.
- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور (مفعول فاعلات مفاعیل فاعلات*٢)، ٤ شیعر، ٣٠ دێرەشیعر.
- موزاریعی هەشتی ئەخرەب موسەببەغ (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتان*٢)، ٢ شیعر، ١٦ دێرەشیعر.

### ١. ٤. کێشی خەفیف: ٣ قاڵب، ٩ شیعر–٢،٣٩٪ ، ١٣٤ دێرەشیعر–٤،٠٨٪ :

- خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم (فاعلاتن{فعلاتن} مفاعلن فعلن*٢)، ٤ شیعر، ٦١ دێرەشیعر.
- خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم موسەببەغ (فاعلاتن{فعلاتن} مفاعلن فعلان*٢)، ٣ شیعر، ٥٧ دێرەشیعر.
- خەفیفی شەشی مەخبوونی مەقسوور (فاعلاتن{فعلاتن} مفاعلن فعلات*٢)، ٢ شیعر، ١٦ دێرەشیعر.

### ١. ٥. کێشی ڕەجەز: ١ قاڵب، ٤ شیعر–١،٠٦٪ ، ٢٥ دێرەشیعر– ٠،٧٦٪ :

- ڕەجەزی هەشتی مەتویی مەخبوون (مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن*٢)، ٤ شیعر، ٢٥ دێرەشیعر.

## ١. ٦. کێشی بەسیت: ٢ قاڵب، ٢ شیعر-٠،٥٣٪ ، ١٩ دێرەشیعر-٠،٥٨٪ :

- بەسیتی هەشتی مەتوی (مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن*٢)، ١ شیعر، ١١ دێرەشیعر.
- بەسیتی هەشتی مەتویی موززال (مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلان*٢)، ١ شیعر، ٨ دێرەشیعر.

| ز | | کێش | ژ. شیعر | ڕێژە | ژ. دێر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | **هەزەج** | **١٧٩** | **٤٧،٦١٪** | **١٤٣٦** | **٤٣،٦٨٪** |
| | ١ | هەشتی تەواو | ٨٩ | ٢٣،٦٧٪ | ٧٢٩ | ٢٢،١٨٪ |
| | ٢ | هەشتی موسەببەغ | ٥ | ١،٣٣٪ | ٢٦ | ٠،٧٩٪ |
| | ٣ | هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ١٤ | ٣،٧٢٪ | ٩٤ | ٢،٨٦٪ |
| | ٤ | هەشتی ئەخرەب | ٧ | ١،٨٦٪ | ٥٢ | ١،٥٨٪ |
| | ٥ | هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ١ | ٠،٢٧٪ | ٥ | ٠،١٥٪ |
| | ٦ | شەشی مەحزووف | ٤١ | ١٠،٩٠٪ | ٣٤٢ | ١٠،٤٠٪ |
| | ٧ | شەشی مەقسوور | ٢١ | ٥،٥٩٪ | ١٧٩ | ٥،٤٥٪ |
| | ٨ | شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور | ١ | ٠،٢٧٪ | ٩ | ٠،٢٧٪ |
| ٢ | | **ڕەمەل** | **١٦٣** | **٤٣،٣٥٪** | **١٤٨٠،٥** | **٤٥،٠٣٪** |
| | ١ | هەشتی مەحزووف | ٦٥ | ١٧،٢٩٪ | ٥٨٢ | ١٧،٧٠٪ |
| | ٢ | هەشتی مەقسوور | ١٥ | ٣،٩٩٪ | ٢٥٧ | ٧،٨٢٪ |
| | ٣ | هەشتی مەخبوونی مەحزووف | ٣١ | ٨،٢٥٪ | ٢٢٣ | ٦،٧٨٪ |
| | ٤ | هەشتی مەخبوونی مەقسوور | ١٨ | ٤،٧٩٪ | ١٢٥ | ٣،٨٠٪ |
| | ٥ | هەشتی مەخبوونی ئەسڵەم | ٤ | ١،٠٦٪ | ٢٢،٥ | ٠،٦٨٪ |
| | ٦ | هەشتی ئەسڵەم | ١ | ٠،٢٧٪ | ٦ | ٠،١٨٪ |
| | ٧ | شەشی مەحزووف | ٧ | ١،٨٦٪ | ٦٠ | ١،٨٣٪ |
| | ٨ | شەشی مەقسوور | ٩ | ٢،٣٩٪ | ٧٨ | ٢،٣٧٪ |
| | ٩ | شەشی مەخبوونی مەحزووف | ٩ | ٢،٣٩٪ | ٩٦ | ٢،٩٢٪ |
| | ١٠ | شەشی مەخبوونی مەقسوور | ٢ | ٠،٥٣٪ | ١٥ | ٠،٤٦٪ |
| | ١١ | شەشی مەخبوون | ١ | ٠،٢٧٪ | ٩ | ٠،٢٧٪ |
| | ١٢ | شەشی مەخبوونی ئەسڵەم | ١ | ٠،٢٧٪ | ٧ | ٠،٢١٪ |
| ٣ | | **موزاریع** | **١٩** | **٥،٠٥٪** | **١٩٣** | **٥،٨٧٪** |
| | ١ | هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ٨ | ٢،١٣٪ | ٩٠ | ٢،٧٤٪ |
| | ٢ | هەشتی ئەخرەب | ٥ | ١،٣٣٪ | ٥٧ | ١،٧٣٪ |
| | ٣ | هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ٤ | ١،٠٦٪ | ٣٠ | ٠،٩١٪ |
| | ٤ | هەشتی ئەخرەب مەسەببەغ | ٢ | ٠،٥٣٪ | ١٦ | ٠،٤٩٪ |
| ٤ | | **خەفیف** | **٩** | **٢،٣٩٪** | **١٣٤** | **٤،٠٨٪** |
| | ١ | شەشی مەخبوونی ئەسڵەم | ٤ | ١،٠٦٪ | ٦١ | ١،٨٦٪ |
| | ٢ | شەشی مەخبوونی ئەسڵەم موسەببەغ | ٣ | ٠،٨٠٪ | ٥٧ | ١،٧٣٪ |
| | ٣ | شەشی مەخبوونی مەقسوور | ٢ | ٠،٥٣٪ | ١٦ | ٠،٤٩٪ |
| ٥ | | **ڕەجەز** | **٤** | **١،٠٦٪** | **٢٥** | **٠،٧٦٪** |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | – هەشتی مەتویی مەخبوون | ٤ | ٪١،٠٦ | ٢٥ | ٪٠،٧٦ |
| ٦ | **بەسیت** | | **٢** | **٪٠،٥٣** | **١٩** | **٪٠،٥٨** |
| | ١ | هەشتی مەتوی | ١ | ٪٠،٢٧ | ١١ | ٪٠،٣٤ |
| | ٢ | هەشتی مەتویی موززال | ١ | ٪٠،٢٧ | ٨ | ٪٠،٢٤ |

## ٢. لەنگییەکان بە هۆی هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر (٦٨ حاڵەت):

بە شێوەیەکی گشتی ١٧٥ لەنگی لە دیوانی سالم لە ئاستی دەنگ و بڕگە و وشە و دێڕ و لەتەدێڕەوە هەیە، ١٣٢یان لە ئاستی دەنگ و بڕگەن. کە بەم شێوەیە دابەشبوون:

### ٢. ١. هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر، کە بڕگەیەکی کورتی درێژ کردووە (٦٥ حاڵەت):

#### ٢. ١. ١. وو- و (٤٦ حاڵەت):

**٢. ١. ١. ١. وەکوو- وەکو (١٨ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش٤، د٥، ل٢:

**بووە ئەزبەسکی نەزارم لە فیراقی مەهی ڕووت**
**وەکوو ئەبرۆیی هیلالت قەدم ئەنگوشت نوما (لا١٠)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی پێنجەم (فعلاتن) کورت بێت.
یان ش٣٤٤، د٢، ل١:

**زولفت لە دو لا سابیتی نەفیی وەکوو تۆی کرد**
**لێی لادە بلا دا لە دو سەر شێوەیی لا بێ (لا٩٥٦)**

کێشەکە (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی چوارەم (فعولن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٢. بوو- بو (١٠ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش٣٦، د٩، ل٢:

**سیحری فیکری من قەڵەم دێنێتە چەرخ**
**موعجیزەی عیسا بوو چالاکیی عەسا (لا١١٥)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەحزووف)ە، دەبێت برگەی دووەمی پێی پێنجەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٣. دوو- دو (٣ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش٥١، د٥، ل١:

**هەمو جار چواردە یاپراخ و دوو جووت نانی قەوی**
**بای دەدا لوولی دەدا قووتی دەدا میسلی دەواب (لا١٥٢)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)ە، دەبێت برگەی دووەمی پێی سێیەم (فعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٤. هەموو- هەمو (٣ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش٢٧٣، د٣، ل١:

**باڵشی جێگەم ئەگەر قاقوم و قوو بێ هەموو شەو**
**دوور لە باڵات لە بەدەنما وەکوو خار و حەجەرە (لا٧٦٣)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت برگەی دووەمی پێی چوارەم (فعلن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٥. هیندوو- هیندو (٣ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش٣٦٧، د٣، ل٢:

**نەقش چین بوویی خەتا خوویی فەرەنگ موویی حەبەش**
**هیندوویی خاڵ و عەرەب دیدە نەزاکەت عەجەمێ (لا١٠١٠)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت برگەی دووەمی پێی پێنجەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٦. داروو- دارو (٢ حاڵەت)**، بۆ نموونە ش١٢١، د٥، ل٢:

**بەرقە بۆ خەرمەنی عاشق بە یەقین جەور و جەفات**
**سەروی میهرت لە دڵا دارووی کافوورە مەگەر (لا٣٥٤)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت برگەی یەکەمی پێی حەوتەم (فعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٧. ڕووو- ڕو (١ حاڵەت)**، ش٦٢، د٨، ل١:

**بولبول و تەوفی گوڵ من و ڕوویی یار**
**"فکر هر کس بقدر همت اوست" (لا١٨٦)**

کێشەکە (خەفیفی شەشی مەخبوونی مەقسوور)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی سێیەم (فعلن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٨. کردوویە- کردویە (١ حاڵەت)**، ش٩٧، د٣، ل١:

**کردوویە لێم زەعفی خۆم و شۆخیی و جەور و جەفات**
**چەنگڵی بازی شکار و حاڵی عوسفوور ئاشکار (لا٢٨١)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی یەکەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ٩. مەحمووود ئاغا- مەحموداغا (١ حاڵەت)**، ش١٩١، د٢٣، ل٢:

**ئالوگۆڕی مەنسەبی دوو شەخسی عالی جاهـ کرا**
**مەحمووود ئاغای زل حەکیم باشی حەمامچی بابەجان(لا٥٣٠)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی پێنجەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ١٠. ئەندووهە- ئەندوهە (١ حاڵەت)**، ش١٠٢، د٤، ل٢:

**شادیی و غوسسەیە بۆ دڵ ڕوخی دڵدار و ڕەقیب**
**تەڕەب و ئەندووهە بۆ بولبولی شەیدا گوڵ و خار (لا٢٩٢)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی شەشەم (فعلاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ١١. بردوویە- بردویە (١ حاڵەت)**، ش١٤٦، د٣، ل٢:

**گەرچی شەکەر لە هەر مەزاق ساحیبی لەززەتە وەلێ**
**شەهدی حەلاوەتی لەبت بردوویە لێی سەبەق سەبەق(لا٤٠٦)**

کێشەکە (ڕەجەزی هەشتی مەتویی مەخبوون)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی حەوتەم (مفتعلن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ١٢. پەهلوو- پەهلو (١ حاڵەت)**، ش٢٩١، د٣، ل٢:

**ئەگریجەکانی کوڵمت یاتاغی مورغی دڵمە**
**بولبول لە پەهلوویی گوڵ بەستوویە ئاشیانە (لا٨١٢)**

کێشەکە (موزاریعی هەشتی ئەخرەب)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی شەشەم (فاع لاتن) کورت بێت.

**٢. ١. ١. ١٣. گێسوو- گێسو (١ حاڵەت)**، ش٣٦٨، د١، ل٢:

**ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە چ لەوێ بم چ لەمێ**
**مەنزڵی گێسوویی تارە چ لەوێ بم چ لەمێ(لا١٠١٢)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی شەشەم (فعلات) کورت بێت.

**٢. ١. ٢. ێ-ە (١٣ حاڵەت)**[١]:

**٢. ١. ٢. ١. نایێڵێ- نایەڵێ (٩ حاڵەت)**، بۆ نموونە، ش٤٠، د٣، ل١:

**لە هیجریشدا موسیبەت نایێڵێ سەر هەڵبڕم یەک دەم**
**لە خوێنی ئەشکما چەسپاوە پێشانی بە زانووما (لا١٢٤)**

کێشەکە (هەزەجی هەشتی تەواو)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی سێیەم (مفاعیلن) کورت بێت.

**٢. ١. ٢. ٢. نایێتە- نایەتە (٢حاڵەت)**، بۆ نموونە، ش٥، د٤، ل١:

---

[١] ئەگەر چی دەنگی (ێ) دەکرێت وەک بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و پێشتر ئەوەمان سەلماندووە (بڕوانە سەرچاوە: یادگار و عاتف ٢٠٢٢: ١٨٥-٢٠٥)، بەڵام لە دەقی شیعریدا زیاتر وەک بزوێنی درێژ گۆکراوە، لەم توێژینەوەیەدا تەنها ئەو حاڵەتانەمان وەک لەنگی هەژمارکردووە، کە ئەگەر بکرێنە (ە)، دەربڕینیان خۆشتر و مۆسیقیتر دەبێت و لە ڕووی ماناشەوە هیچ جیاوازییەک دروستناکات. بۆ نموونە (نایەڵێ) هەمان مانای (نایێڵێ)ی هەیە و لە ڕووی دەربڕینەوە خۆشتر و زۆر جار لەناو شیعردا مۆسیقیتریشە.

**ئەبەدەن ڕەنگی عەدەم  نایێتە ڕووی کوشتەیی عیشق**
**بە دەمی تیغی ستەمدا دەڕژێ ئابی بەقا (لا١١)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی سێیەم (فعلاتن) کورت بێت.

٢. ١. ٢. ٣. **نایێنێ- نایەنێ (١ حاڵەت)**، ش١٠٦، د٦، ل٢:

**وەک گونت شووتیم لە بوستانا نەدی ئاونگ و زل**
**هیچ زەمینێ نایێنێ نەوعی عەموودت کالیار (لا٣٠١)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی شەشەم (فاعلاتن) کورت بێت.

٢. ١. ٢. ٤. **بێ- بە (١ حاڵەت)**[٢]، ش١٧٨، د٢، ل١:

**بە میقرازی ئەجەل کۆتا بێ میسلی پەرچەمت عومرم**
**لەسەر تەعریفی مووی زولفت ئەگەر بێم وەسفی کاکوڵ کەم(لا٤٧٩)**

کێشەکە (هەزەجی هەشتی تەواو)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی سێیەم (مفاعیلن) کورت بێت.

**٢. ١. ٣. ێ-ی (٣ حاڵەت):**

٢. ١. ٣. ١. **وەختێ- وەختی**، ش١١، د١٧، ل١:

**وەختێ ساغەونی لە تەعلیمی عەزیز**
**جایی ڕەوت و دەوی هەر لۆقە دەکا (لا٣٨)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی یەکەم (فاعلاتن) کورت بێت.

٢. ١. ٣. ٢. **نۆشێ- نۆشی**، ش١٠٩، د٢، ل٢:

[٢] جیا لەم چارەسەرە، ئەگەر دەستەواژەی (کۆتا بێ) بکرێتە (کۆتایە) لەنگییەکە نامێنێت و لەڕووی ماناشەوە گرفتی نییە.

**بتی شیرین دەهانی زوهرە چەشم**
**دەبەخشیٚ نۆشیٚ نەحل و نێشی زەنبوور (لا٣٠٩)**

کێشەکە (هەزەجی شەشی مەقسوور)ە، دەبێت برِگەی یەکەمی پێی پێنجەم (مفاعیلن) کورت بێت.

٢. ١. ٣. ٣. **صاحێبی- صاحیبی**، ش١٤٦، د٣، ل١:

**گەرچی شەکەر لە هەر مەزاق ساحێبی لەززەتە وەلیٚ**
**شەهدی حەلاوەتی لەبت بردویە لێی سەبەق سەبەق (لا٤٠٦)**

کێشەکە (ڕەجەزی هەشتی مەتویی مەخبوون)ە، دەبێت برِگەی دووەمی پێی سێیەم (مفتعلن) کورت بێت.

**٢. ١. ٤. ا- ە (٢ حالّەت):**

٢. ١. ٤. ١. **ئەلقابی- ئەلقەبی**، ش٢٧٧، د١٦، ل١:

**ئەلقابی سەنگ ئیسمی ئەحمەد کونیەتی هەڵکەندنە**
**وەک عەرەب سیٚ ناوە خۆ ئەم شێتە قەددەم خوشکەکە (لا٧٧٧)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت برِگەی دووەمی پێی یەکەم (فاعلاتن) کورت بێت.

٢. ١. ٤. ٢. **ئاغا- ئاغە**، ش٣٢٥، د١٨، ل١:

**ئاغا موزتەڕِر و موجەڕِەد بوو کە پیاویش سەڵت و قوڵت**
**شەرتی یەک عەهدی لە بەینی هەردولایان هەڵگری (لا٩٠٦)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت برِگەی دووەمی پێی یەکەم (فاعلاتن) کورت بێت.

٢. ١. ٥. **ۆ- و (١ حالّەت)، ئەبرۆ- ئەبرو**، ش٥، د٢، ل١:

**شێوەیی ئەبرۆیی تاقت هەمە جا دێتە نەزەر**
**دەگەڕیٚ دڵ بە تەرەف تووە وەکوو قیبلەنوما (لا١١)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی دووەم (فعلاتن) کورت بێت.

## ٢. ٢. هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر، کە بڕگەیەکی درێژی کورتکردووە (٣ حاڵەت):

**٢. ٢. ١. ـە- ێ، شاییەکە- شاییێکە،** ش١٠، د١٩، ل٢:

**دوو قرۆش بۆ ناڵی شایی کلکی چەرمی دوو ڕیاڵ**
**پێنج قرۆش و شاییەکە نرخی بۆزەی کەم بەها (لا٣٤)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی سێیەمی پێی شەشەم (فاعلاتن) درێژ بێت.

**٢. ٢. ٢. ـە- ا، ئێستە- ئێستا،** ش١١٦، د٢٧، ل٢:

**ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو کانی ئاسکان**
**ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر (لا٣٣٧)**

کێشەکە (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی پێنجەم (مفعول) درێژ بێت.

**٢. ٢. ٣. ـە- ۆ، بە- بۆ،** ش٣٣٩، د٤:

**غەم جەیشی سەلم و توورە ئەسەر ئیرەجی دڵم**
**بە شۆڕشی وەغاوو ئەلەم سینە بوو بە ڕەی (لا٩٤٤)**

کێشەکە (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی پێنجەم (مفعول) درێژ بێت.

## ٣. لەنگییەکان بە هۆی زیادەی دەنگێک یان زیاتر (٥٦ حاڵەت):

## ٣. ١. زیادەی دەنگێک، کە بڕگەیەکی کورتی درێژکردووە (٣٠ حاڵەت):

**٣. ١. ١. زیادەی (ی) (٢٤ حاڵەت)، بۆ نموونە: ئارامیی- ئارامی**، ش١٣، د٣، ل١:

**نابەڵەد بێچارە بوو دڵ ئارەزووی ئارامیی کرد**
**هات و نەیزانی لە پڕدا کەوتە ناو چاهی جەفا (لا٤٣)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی چوارەم (فاعلن) کورت بێت.

**٣. ١. ٢. زیادەی (هـ)، ئانگەهـ- ئانگە**، ش٤٦، د٨، ل١:

**ئانگەهـ عیسا مورغی خۆی بێ ڕەهبەری**
**ئافتابی موعجیزەت گەر جیلوە کا (لا٢٣٨)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی یەکەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٣. ١. ٣. زیادەی (ت)، پشتت- پشت**[٣]، ش٨٢، د٢، ل٢:

**خایەوو پاچکەوو شاخی بەران**
**بە لەشت هەم بە پشتت هەم بە ڕەشت (لا٢٣٨)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی پێنجەم (فعلاتن) کورت بێت.

**٣. ١. ٤. زیادەی (چ)، بەچچە- بەچە**، ش٨٢، د٦، ل١:

**مەسکەنی ڕەش بەچچەیە ما بەعدت**
**ڕەشە ئەوسا ڕەشەڕەشیان بە ڕەشت (لا٢٣٩)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی یەکەمی پێی دووەم (فعلاتن) کورت بێت.

---

[٣] ڕەنگە لە ئەسڵدا ئەمە وشەی (بەشت) بێت، کە لەڕووی ڕیتم و مۆسیقا و ماناشەوە دروستە و هیچ گرفتێکی نییە.

**٣. ١. ٥. زیادەی (ز)، قوززەڵقورت- قوزەلقورت**، ش١٩٣، د٣٨، ل١:

**گورچەویڵەی مەرت قوززەڵقورت بێ**
**زیقەتۆرەی مرت ببێ سندان (لا٥٦٠)**

کێشەکە (خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم موسەببەغ)ە، دەبێت بڕگەی سێیەمی پێی دووەم (مفاعلن) کورت بێت.

**٣. ١. ٦. زیادەی (ا)، داخوا- داخو**، ش٣٢٥، د١٤، ل١:

**ئاغە سەیری کرد لەوێدا داخوا بووکێ چی دەکا**
**بەربوکی بەدبەخت سەدای دا ئاشەوان ئاشت گەڕێ (لا٩٠٥)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی سێیەم (فاعلاتن) کورت بێت.

**٣. ١. ٧. زیادەی (و)، بەرەوژێر- بەرەژێر**، ش٣٦٤، د٩، ل٢:

**ئەسپەخڕ توند و بەجۆش ماینەکوێت بۆز بە خورۆش**
**لە تەویلەی درێژا سەربەرەوژێر دایە بەرێ (لا١٠٠٤)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی دووەمی پێی حەوتەم (فعلاتن) کورت بێت.

## ٣. ٢. زیادەی دەنگێک، کە بڕگەیەکی زیادکردووە (٢٥ حاڵەت):

**٣. ٢. ١. زیادەی (ی) (١٩ حاڵەت)، بۆ نموونە، توڕڕەیی-توڕڕەی**، ش٦٦، د١١، ل١:

**دڵ کە سالم بو لە ڕووی زێوەر توڕڕەیی نەدەبەست**
**ئێستە مەجرووحە لە موو موشکفشان هات و گوزەشت (لا١٩٧)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)ە، پێی سێیەم (فعلاتن) لەنگە و پێنج بڕگەیە (وە-ر-توڕ-ڕە-یی)، پێویستە چوار بڕگە بێت (وە-ر-توڕ-ڕەی) (کورت-کورت-درێژ-درێژ)، بە لادانی (ی)ی کۆتایی (توڕڕەیی) لەنگییەکە نامێنێت.

**٣. ٢. ٢. زیادەی (ـە) (٥ حاڵەت)، بۆ نموونە، سەحەرە-سەحەر**، ش٨٢، د١٤، ل١:

**ڕەشە هەر شام و سەحەرە شەش نەوبەت**
**شاخی جەمعی بزی سەردەشت بە ڕەشت (لا٢٤٠)**

کێشەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف)ە، پێی دووەم (فعلاتن) لەنگە و پێنج بڕگەیە (م و-سە-حە-رە-شەش)، پێویستە چوار بڕگە بێت (م و-سە-حەر-شەش) (کورت-کورت-درێژ-درێژ)، بە لادانی (ە)ی کۆتایی (سەحەرە) لەنگییەکە نامێنێت.

**٣. ٢. ٣. زیادەی (و) (١ حاڵەت)، کەو و بڕنوو-کەو بڕنوو**، ش٢٧٩، د١١، ل٢:

**قرانی بەستە کەو و بڕنوو بڵێ سا دەی حەریف زووکە**
**چ سەهلە مۆرە گەر بێنی لە ڕێی پێنج و سیانێکە (لا٧٨٢)**

کێشەکە (هەزەجی هەشتی تەواو)ە، پێی دووەم (مفاعیلن) لەنگە و پێنج بڕگەیە (تە-کە-وو-بڕ-نوو)، پێویستە چوار بڕگە بێت (تە-کەو-بڕ-نوو) (کورت-درێژ-درێژ-درێژ)، بە لادانی (و)ی نێوان (کەو) و (بڕنوو) لەنگییەکە نامێنێت.

## ٣. ٣. زیادەی دوو دەنگ، کە بڕگەیەکیان زیادکردووە (١ حاڵەت):

**- زیادەی دوو (ی)، سافییی-سافی**، ش١٢٣، د٥،ل٢:

**بە سروشتی بەدەنت ڕۆژی ئەزەل سانیعی گوڵ**
**سافییی مرواری و ماهی بە یەکا کردە خەمیر (لا٣٥٩)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور)ە، پێی پێنجەم (فاعلاتن) لەنگە و پێنج بڕگەیە (سا-فی-یی-مر-وا)، پێویستە چوار بڕگە بێت (سا-فی-مر-وا) (درێژ-کورت-درێژ-درێژ)، بە لادانی دوو (ی)ی کۆتایی (سافییی) لەنگییەکە نامێنێت.

## ٤. لەنگییەکان بە هۆی کەمی دەنگێک (٨ حاڵەت):

## ٤. ١. کەمی دەنگێک، کە بڕگەیەکی کەمکردووە (٦ حاڵەت):

**٤. ١. ١. کەمی (ی) (٤ حاڵەت)، بۆ نموونە، هیلال-هیلالی**، ش١٢١، د٤، ل١:

**ئەوجی حوسنت لە ڕوخ و زوڵف و جەبین و ئەبرۆ**
**لە هەموو میهر و هیلال شەوی دەیجوورە مەگەر (لا٣٥٣)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، پێی شەشەم (فعلاتن) لەنگە و سێ بڕگەیە (رو-هی-لال)، پێویستە چوار بڕگە بێت (رو-هی-لا-لی) (کورت-کورت-درێژ-درێژ)، بە زیادکردنی (ی) لە کۆتایی (هیلال) لەنگییەکە نامێنێت، هەروەک لە پەراوێزی دێرەشیعرەکەش ئاماژەی پێکراوە (لا٣٥٤).

**٤. ١. ٢. کەمی (ت) (١ حاڵەت)، جەننەت-جەننەتت**، ش١٩٣، د٣٩، ل٢:

**با قەرەقەش بە گورزی کەللەت بێ**
**جەننەت بێتە دۆزەخی نیران (لا٥٦٠)**

کێشەکە (خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم موسەببەغ)ە، پێی چوارەم (فاعلاتن) لەنگە و سێ بڕگەیە (جەن-نەت-بێ)، پێویستە چوار بڕگە بێت (جەن-نە-تت-بێ) (درێژ-کورت-درێژ-درێژ)، بە زیادکردنی (ت) لە کۆتایی (جەننەت) لەنگییەکە نامێنێت، هەروەک لە پەراوێزی دێرەشیعرەکەش ئاماژەی پێکراوە (لا٣٥٤).

**٤. ١. ٣. کەمی (ب) (١ حاڵەت)، لادە-لابدە**، ش٢٧٣، د٤، ل٢:

**چین بە چین کەوتۆتە سەر یەک لە دڵا عوقدەیی غەم**
**بێ بە ماچی دەمەکەت لادە سا ئەم کەسەرە (لا٧٦٤)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)ە، پێی حەوتەم (فعلاتن) لەنگە و سێ بڕگەیە (دە-سا-ئەم)، پێویستە چوار بڕگە بێت (ب-دە-سا-ئەم) (کورت-کورت-درێژ-درێژ)، بە زیادکردنی (ب) لەنگییەکە نامێنێت.

## ٤. ٢. کەمی دەنگێک، کە بڕگەیەکی درێژی کورتکردووە (٢ حاڵەت):

**٤. ٢. ١. کەمی (ی)، طەیی-طەییی**، ش٩٤، د٢، ل٢:

**چ حاجەت مینەتی باڵی کەبووتەر هەڵگرێ نامەم**
**که پەڕ بۆ طەیی ڕاهی کۆیی تۆ دێنێتە دەر کاغەز (لا٢٦٩)**

کێشەکە (هەزەجی هەشتی تەواو)ە، دەبێت بڕگەی چوارەمی پێی پێنجەم (مفاعیلن) درێژ بێت، (کە-پەڕ-بۆ-طەی) (کورت-درێژ-درێژ-درێژ). ئەگەر چی دەکرێت وەکو زیحافی (کەف) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام لە ڕووی مۆسیقییەوە هەبوونی (ی)ەکە دروستترە و هیچ لە مانایەکەشی ناگۆڕێت.

**٤. ٢. ٢. کەمی (ق)، موستەحەق و-موستەحەقق و**، ش ٢٩٩، د٢٣، ل١:

**بۆ قیساسی موستەحەق و قەبز و بەستی موددەعی**
**شێری مەردی گوردی پیل ئەفگەن بە مەیدان هاتەوە (لا٨٣٦)**

کێشەکە (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە، دەبێت بڕگەی سێیەمی پێی دووەم (فاعلاتن) درێژ بێت، (موس-تە-حەق-قو) (درێژ-کورت-درێژ-درێژ).

خشتەی دیاریکردنی لەنگییەکان لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا لە دیوانی سالم

| ز | لەنگییەکان | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر** | | **٦٨** | **٪٥١،٥٢** |
| | ١ | هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر، کە بڕگەیەکی کورتی درێژکردووە | ٦٥ | ٪٤٩،٢٤ |
| | ٢ | هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی تر، کە بڕگەیەکی درێژی کورتکردووە | ٣ | ٪٢،٢٧ |
| ٢ | **زیادەی دەنگێک یان زیاتر** | | **٥٦** | **٪٤٢،٤٢** |
| | ١ | زیادەی دەنگێک، کە بڕگەیەکی کورتی درێژکردووە | ٣٠ | ٪٢٢،٧٣ |
| | ٢ | زیادەی دەنگێک، کە بڕگەیەکی زیادکردووە | ٢٥ | ٪١٨،٩٤ |
| | ٣ | زیادەی دوو دەنگ، کە بڕگەیەکیان زیادکردووە | ١ | ٪٠،٧٦ |
| ٣ | **کەمی دەنگێک** | | **٨** | **٪٦،٠٦** |
| | ١ | کەمی دەنگێک، کە بڕگەیەکی کەمکردووە | ٦ | ٪٤،٥٥ |
| | ٢ | کەمی دەنگێک، کە بڕگەیەکی درێژی کورتکردووە | ٢ | ٪١،٥١ |
| | | کۆی گشتی | **١٣٢** | **٪١٠٠** |

## ئەنجامەکان

- لە کۆی شیعرەکانی ئەم چاپە، ٦ کێش و ٣ قاڵبەکێش کێش بەکارهاتوون، کێشەکان بریتین لە (هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، خەفیف، ڕەجەز، بەسیت)، بۆ هەریەک لەو کێشانە چەند قاڵبەکێشێک بەکارهاتوون. بۆ هەزەج ٨ قاڵب، ڕەمەل ١٢ قاڵب، موزاریع ٤ قاڵب، خەفیف ٣ قاڵب، بەسیت ٢ قاڵب و ڕەجەز ١ قاڵب. لە ڕووی ژمارەی شیعرەکانەوە کێشی هەزەج لە هەموو کێشەکان زیاتر بەکارهاتووە، لە کۆی ٣٧٦ شیعر، لە ١٧٩ شیعریان کێشی هەزەج بەکارهاتووە، کە دەکاتە ڕێژەی ٤٧،٦١٪، پاشان کێشی ڕەمەل ١٦٣ شیعر بە ڕێژەی ٤٣،٣٥٪، دواتر کێشی موزاریع ١٩ شیعر بە ڕێژەی ٥،٠٥٪، پاشان کێشی خەفیف ٩ شیعر بە ڕێژەی ٢،٣٩٪، پاشان کێشی ڕەجەز ٤ شیعر بە ڕێژەی ١،٠٦٪، دواتر کێشی بەسیت ٢ شیعر بە ڕێژەی ٠،٥٣٪. لە ڕووی ژمارەی دێرەشیعرەکانەوە کێشی ڕەمەل لە هەموو کێشەکان زیاتر بەکارهاتووە، لە کۆی ٣٢٨٧،٥ دێرەشیعر، لە ١٤٨٠،٥ دێرەشیعردا کێشی ڕەمەل بەکارهاتووە، کە دەکاتە ڕێژەی ٤٥،٠٣٪، پاشان کێشی هەزەج ١٤٣٦ دێرەشیعر بە ڕێژەی ٤٣،٦٨٪، دواتر کێشی موزاریع ١٩٣ دێرەشیعر بە ڕێژەی ٥،٨٧٪، پاشان کێشی خەفیف ١٣٤ دێرەشیعر بە ڕێژەی ٤،٠٨٪، پاشان کێشی ڕەجەز ٢٥ دێرەشیعر بە ڕێژەی ٠،٧٦٪، دواتر کێشی بەسیت ١٩ دێرەشیعر بە ڕێژەی ٠،٥٨٪.
- ئەوەی لەم خاڵەی سەرەوە تێبینی دەکرێت، لە ڕووی ژمارەی شیعرەکانەوە کێشی هەزەج زۆرترین کێشی بەکارهاتووە لە شیعرەکانی سالم، بەڵام لە ڕووی ژمارەی دێرەشیعرەکانەوە کێشی ڕەمەل زیاتر بەکارهاتووە و کێشی یەکەمە، دواتر کێشی هەزەج و کێشەکانی تر دێن.
- لە کۆی دیوانی بەردەستی شیعری سالم ١٣٢ لەنگی لە ئاستی دەنگ و بڕگەدا بەدیدەکرێن، لەنگییەکان هەندێک جار بە هۆی هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی ترەوەیە، هەندێک جاریش بە هۆی زیادەی دەنگەوەیە و هەندێک جاریش بە هۆی کەمی دەنگەوەیە.
- لە ٦٨ حاڵەتی لەنگیدا، کە دەکاتە ڕێژەی ٥١،٥٢٪، بە هۆی هاتنی دەنگێک لە جێی دەنگێکی ترەوەیە، کە لە ٦٥ حاڵەتیاندا بووەتە هۆکاری درێژبوونی بڕگەیەک، کە بەپێی پێوەری عەرووزی پێویست دەکات کورت بێت، لە ٣ حاڵەتیشدا بووەتە هۆکاری کورتبوونی بڕگەیەک، کە بەپێی پێوەری عەرووزی پێوست دەکات درێژ بێت.
- لە ٥٦ حاڵەتی لەنگیدا، کە دەکاتە ڕێژەی ٤٢،٤٢٪ زیادەی دەنگێک یان زیاتر لەنگییەکەی دروستکردووە، لە ٣٠ حاڵەتدا دەنگێکی زیاد بووەتە هۆکاری ئەوەی بڕگەیەکی کورت درێژ ببێت و لە ٢٥ حاڵەتیشدا زیادەی دەنگێک بووەتە هۆکاری زیادبوونی بڕگەیەک، لە ١ حاڵەتیشدا دوو دەنگی زیادە بوونەتە هۆکاری زیادبوونی بڕگەیەک.

- لە ٨ حاڵەتی لەنگیدا، کە دەکاتە ڕێژەی ٦،٠٦٪، کەمی دەنگێک لەنگییەکەی دروستکردووە، لە ٦ حاڵەتیاندا بووەتە هۆکاری ئەوەی بڕگەیەک کەمبکات و لە ٢ حاڵەتیشدا بووەتە هۆکاری ئەوەی بڕگەیەکی درێژ کورت ببێت.

## سەرچاوەکان

**کتێب:**


- عەبدولکەریمی مودەریس (مەلا) و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم (٢٠١٥)، *دیوانی سالم*، سلێمانی، بنکەی ژین.
- عەزیز گەردی (٢٠٠٣)، *ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی*، سلێمانی، چاپخانەی دێکان.
- کوردی و مەریوانی (١٩٣٣)، *دیوانی سالم*، بەغدا، چاپخانەی ئەیتام.
- گیوی موکریانی (١٩٧٢)، *دیوانی سالم*، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی کوردستان.


**گۆڤار:**


- یادگار ڕەسوول و عاتف عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، دەرکەوتنی (ۆ) و (ێ) وەک بزوێنی کورت لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا، شیعری جزیری و نالی بە نموونە، *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین*، بەرگی ٢٠٢٢، لا ١٨٥-٢٠٥.

# الملخص

ان هذا البحث الموسوم ب(الخلل العروضية في شعر سالم من حيث المستوى الصوتي والمقطع)، دراسة نقدية تحليلية تطبيقية، ومحاولة لتحديد حالات الخلل العروضي، والخروج عن الايقاع، ومعالجتها وفق المعايير العروضية.

على الرغم من توفر العديد من دواوين قصائد سالم، فقد تم العمل على الديوان الأخير، الذي نشر عام ٢٠١٥ في السليمانية. وحققه كل من الشيخ ملا عبد الكريم المدرس، وفاتح عبد الكريم ومحمد ملا كريم، وجاء اختيار هذه الطبعة لكونها طبعة جديدة، أعيد تصميمها باستخدام جميع الطبعات السابقة، متجاوزين معظم عيوب الطبعات السابقة، فضلا عن اعتماد معظم الكتاب والقراء على هذه الطبعة من أشعار سالم.

يتكون البحث من أربعة مباحث رئيسة، تناول المبحث الأول الأوزان والقوالب التي استخدمها سالم في أشعاره، مع تحديد عدد ونسبة هذه الأوزان والقوالب على مستوى عدد الأشعار وعدد الأبيات، أما المبحث الثاني فاختص بالخلل الناتج عن استبدال صوت بصوت آخر، في حين درس المبحث الثالث الخلل الناتج عن زيادة صوت واحد أو أكثر، وتناول المبحث الرابع والأخير الخلل الناتج عن عدم وجود صوت.

وفي النهاية، عرضت مجموعة من النتائج المتعلقة بمضمون الدراسة.

الكلمات الرئيسة: الوزن، العروض، الخلل العروضي، الصوت، المقطع.